

# نامە بۆ ڕێبەرانی "کۆمەڵە"کان بە کام مەبەستەوە ؟

خەلیل غەزەلی

لەم رۆژانەدا نامەیەکی کراوە لە لایەن چەند کەسی ناسراو و نەناسراو کە پێشتر لە رێکخراوی اکۆمەڵەدا چالاک بوون ، بۆ بەرێزان رێبەرانی هەردوو کۆمەڵەی لێک دابراو لە یەک دوو سایت دا بڵاو کرایەوە . رووی قسەی ئەم بەرێزانە لە هەردوو سەرکردەی کۆمەڵەکان (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و کۆمەڵە رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران ) بوو . گەرچی لە ناوەرۆکی قسەکانی ئەم بەرێزانەدا وا دەردەکەوێ کە خوازیاری یەکگرتنەوەی ئەم دوو رێکخراوەن، بەڵام ئێستا ئێتر هەڵوێستەکان و تا رادەیەک کرداری ئەم چەندساڵەی دوایی هەردوولا ، وەک ڕاستییەک ئیجازەی هێنانە گۆڕی راستەوخۆی ئەو داخوازەی پێ نەداون .بۆیە بە بێ ئەوە شتێک مەترەح بکەن یا پلاتفورم و بەرنامەیەکی کونکرێت یان مەترەح کردبێ ،قسە و ئیبتکارەکانی باوی ناو چالاکانی سیاسیان ( بە بەرچاو تەنگی و رێکخراوە میحوریەوە) دووپات کردووەتەوە.

هۆی سەرەکیی ئەوەی کە ئەم بەرێزانە توانای داواکردنی یەکگرتنی هەردوو کۆمەڵەکەیان نەبووە، ئەوەیە کە ئێستا ئیتر لە ئەوان و لە هەمووکەس دیارە کە، لە لایەکەوە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە خەست کردنەوەی باری نەتەوەیی (دیارە بەشێوەی شێواو و نا پایدار لە سەر شوناسی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیی کوردستان) و کەم رەنگ کردنەوەی باری چینایەتی و یەکسانی خوازی ، لە بوارێکەوە درێژە بە خەبات و رێگا دەدات کە لەگەڵ ئەو لایەنەکەی دیکە ( کۆمەڵەی حیزبی کومونیستی ئێران) بەتەواوی دوو رێگای جیاوازن و کورد گوتەنی "ئاویان بە جۆگەیەکدا ناچێ" . دیارە لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەی حیزبی کومونیستی ئێران یش ، لە حەیفی لایەنی رەقیب لە رێباز و سیاسەتدا بەتەواوی ئەولای گرتووە . تارادەیەک کە هێندێک جار دیتنەوەی جیاوازیی ئەم رێکخراوە لەگەڵ رێکخراوێکی سەرانسەریی بێخەبەر لە راستییەکانی کوردستان زەحمەتە . کە نموونەی هەر ئەم سەرهەڵدانەی ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستان بوو . لەو رۆژانەدا کە شارەکانی کوردستان لە خروشدا بوون . ئەم رێکخراوە لەترسی ئەوەی "تەیفی تەریقەتی حیکمەتی" مۆری ناسیونالیستیی لێنەدەن، بەتەواوی چاو و گوێی خۆی لە رووداوەکان وەرگێرابو . و تەنیا کاتێک سەرهەڵدانەکە پەرەی ئەستاند و چەند شاری دیکە و لەوانە سنەی گرتەوە ، ئەم رێکخراوە هەڵوێستی گرت . واتا ئەم رێکخراوە کە ئیدیعای پێشرەوایەتی هەیە، بەداخەوە لە کردەوەدا کەوتە شووێن جەماوەر . یا باشترە بڵێم کە ئەوە خروشی جەماوەر بوو کە ئەم رێکخراوە ( تەنانەت شووعبەکانی تەریقەتی حیکمەتی)ی ناچار بە هەڵوێست گرتن کرد . کە ئەمە لە دونیای سیاسەتدا کارەساتە! چوونکە جێگەی جەماوەر و پێشرەو گۆڕابوو. دیارە هەڵوێستی "تەیفی تەریقەتی حیکمەتی" جێگەی ئیراد نییە و چاوەڕوانیی لەوە زیاتریان لێ ناکرێ .بەڵام بۆ رێکخراوێک کە خۆی بەشێك لە بزووتنەوەی کوردستان دەزانێ چاوەروانییەکان شتێکی دیکەیە.

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم باسە نیشاندانی ئەو ئاستەیە کە ئێستا هەردوو کۆمەڵەکە لێی راوەستاون . کە دیارە بەشێکی زۆری هەردوولا دەسکردە . چوونکە نە لەگەڵ ئامانجی پێکهاتنی ئەو رێکخراوە یەکدەگرێتەوە و نە چوارچێوە و پێکهاتەی هەردوولا لەو ئاستانەدان . بۆیە چاوەروانی لە کەسانێک وەک ئەو بەڕێزانە کە ئەو نامەیان بۆ سکرتێری هەردوولا ناردووە ئەوەیە کە: ڕاستییەکانی کۆمەڵگە ، ئامانجەکانی پێکهاتنی کۆمەڵە ، هەڵەکاریەکان و بەتایبەت دەوری رووخێنەر و پڕ زیانی شوڤینیزمی نەتەوەی دەسەڵاتدار لە قالبی کومونیزمدا ( بەبێ مەسڵەحەت لە بەرچاوگرتن) بدەنە بەر باس . ئەو بەڕیزانە دەیانتوانی لە باتی پەردەپۆشی ڕاستییەکان ، لە هەردوولا بپرسن کە چۆن دەتوانن لەگەڵ کەس ولایەنی دیکە هاو کاسە بن.کاتێک کە هیچ "سنخیت"ێکیان لەگەڵ نییە ،بەڵام ناتوانن کەس یا فیکرێک تەحەمول بکەن کە لانی کەم دوو دەیە لە سەنگەرێکدا بوون و ئیستاش لە شانازیەکانیاندا هاوبەش و شەیکن.

بەڵام بەداخەوە ئەم بەرێزانە نەک هەر هەنگاوێکی ئەوتویان هەڵنەگرتووە ، بەڵکە خۆشیان تووشی هەمان هەڵەی رێکخراو "میحوەری" هاتوون . بەشێوەیەک لە ناو بزووتنەوەی کوردا بێجگە لە وشەی "کۆمەڵە" ،رێکخراوێکی دیکە نابینن. هەر ئەوەشە کە هاوکاری و تەبایی بۆ ئەوان تەنیا هاوکاری لە نێوان دوو کۆمەڵە کانە !

ئەم بەرێزانە ئەگەرچی لە نووسینەکەیاندا چەند جار باسی سەرهەڵدانی خەڵک و مافی خەڵک و .. دەکەن .بەڵام لە کەس شاراوە نییە کە هەموو ئەوانە تەعاروف و بۆ رەنگ و لەعاب دان بە نامەکەیانە. چوونکە جەوهەری ئەو نامە تەنیا و تەنیا بۆ نەجاتی "دڵبەرە" کە دیارە دڵبری ئەم بەرێزانەش "کۆمەڵە"یە. تازە ئەویش بە هەمان فکر و رێبازی شێواو و پوپولیستیی 30 ساڵ پێش . لە نامەی ئەم بەڕێزانەدا ،ئەگەر ناوێک لە کورد دەبرێ ، دەرناکەوێ کە ئەم کوردە شووێن چێ کەوتووە و چی دەوێ . هەر ئەوەشە بزووتنەوەی کوردستان بە "جنبش انقلانی" ناو دەبەن . بە بێ ئەوە ناوەرۆکی ئەم بزووتنەوە پێناسە بکەن . ئەوە لەکاتێکدایە کە تا ئێستا هەرچی جیایی و کێشە لە نیو کۆمەڵەدا روویداوە لەسەر کێشەی کورد بووە . ئەم هەڵوێستەی ئەم بەرێزانە وەک ئەوەیە کە دوکتورێک دەرمان بۆ نەخۆشێک دیاری بکات بە بێ ئەوە نەخۆشینەکەی دیبێتەوە . بەڵام ئەم بەرێزانە چوونکە کێشەی کورد(ئامانج) مەبەستیان نەبووە ، تەنیا بۆ نەجاتی کۆمەڵە (وەسیلە)ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتووە ، ئەوەیە کە تەنانەت لە مەترەح کردنی داخوازەکانیشیاندا نەیانتوانیوە مەبەست بگەیەنن .

هەموان دەزانن کە رێکخراوێکی سیاسی ، ئامانج نییە بەڵکە وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەئامانج . بۆیە کەسێکی سیاسی، هیچکات وەک ئامانج چاو لە رێکخراوی سیاسی ناکات .لەوەش گرینگتر حالەتێکی موقەدەسی پێنادات . چونکە کەسانی وا لە بەر ئەوەی هێندە گرنگی و بایەخ بە "وەسیلە"کە دەدەن کە ئامانج ون دەکەن . ئەوە ڕاسییەکە کە لەنامەی ئەو بەرێزانەدا بە زقی خۆی دەنوێنێ.

بەداخەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا تەنانەت لە دونیای سیاسەت و بەشێکی زۆر لە چالاکاندا هێشتا ئەو "تقدیس" کردنە ماوە . بەشێوەیەک کە ئەگەر کەسێک ماوەیەک لە رێکخراوێکی سیاسیدا تێکۆشا ، ئیتر ئەو رێکخراوە بە چاوێکی دیکەوە دەبینێ. تەنانەت ئەگەر هەڵە و لادانیش لە رێکخراوەکەدا ببینێ ، چاوپۆشی لێدەکات . لەوەش خراپتر دیفاعی لێدەکات . ئەوە دەردێکە کە بەداخەوە ئێستاش کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمە پێوە دەناڵێنی . بۆ نموونە لە نێو ئەو بەرێزانەی کە ئەو نامەیان نووسیوە کەسی وا هەیە 25 ساڵە دوور لە کۆمەڵەیە و تەنانەت هاوکاریی هێزی سیاسی دیکەشی کردووە ، کەچی نامەیەکی ئیمزا کردووە کە هیچ فرەچەشنی تێدا نابینرێ. و تەنیا مەبەستی ڕاگرتنی کۆمەڵەیە بە هەر قیمەت و سازانێک . گەرچی ئەم بەرێزانە بەدڵپاکی و نیازپاکییەوە ئەو نامەیان نووسیوە .بەڵام بەداخەوە تەنیا لە روانگەی حیزبی و بەرژەوەندی حیزبییەوە نووسیویانە .نەک لە بەرژەوەندیی گەلی کورد و ئامانجەکانیدا. بەشێوەیەک لەم کوردستانە پان و بەرینەدا بێجگە لە کۆمەڵە هیچ لایەن و هێزێکی دیکە نابینن.

لە کۆتاییدا نەوەک وا لێک بدرێتەوە کەمن دژی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکانم ، ئەوە ئێزافە دەکەم کە نەک هەر یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان ،بەڵکە یەکگرتنی هەموو هێزە سیاسیە سکۆلارەکانی کوردستان ئاوات و خواستی دەروونیمە . لەو رێگەشدا بەڕادەی توانام هەوڵدەدەم .بەڵام ئاوات و خواستی کەسەکان و ڕاستییەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت رەق و تەقی هێزە سیاسییەکان ،فرە لێک جیاوازن .

بە باوەڕی من کۆمەڵەکان دەتوانن یەکبگرنەوە . بەومەرجەی :

یەکەم ، لە سەر ناوەرۆک و شوناسی بزووتنەوەی کوردستان ساغ بنەوە . واتا بەیەک پێناسەی کونکرێت بگەن. چوونکە تا ئێستاش هەردوولا لەسەر پێناس"ماهیت"ی ئەم بزووتنەوە ساق نین . رۆژێک بزووتنەوەی موقاومەتە ، رۆژێک جونبشی ئینقلابییە ، رۆژێکیتر بزووتنەوەی ملی –دئموکراتیکە و خولاسە هەر رۆژە و بە پێی لێدانەوە و قسەکانیان ناوەرۆکێکی پێدەدەن .

دووەم ، رێبەرانی سونەتی بۆخۆیان و دەوروبەریان "مافی تایبەت" قایل نەبن.

سێهەم، رێباز و سیاسەتیان لەسەر ڕاستیی ئیمرۆی کوردستان (مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد ، تێکۆشان بۆ ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگەدا) دارێژن کە پێکهاتەیەک دەبێ لە ئامانجی نەتەوەیی-چینایەتی ( بۆ ئەم قۆناخەی خەبات). ئەوە هەر ئەو ئامانجەیە کە کۆمەڵە کاتی خۆئاشکرا کردنی لە ساڵی 1358 دا ڕاگەیاند.

بەهیوای یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان لەسەر بەرژەوەندیی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی چەوساوەی کورد و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی .

خەرمانانی 2005